# دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵ

## دووبارە راڤەکردنی سۆسیۆلۆژیانەی فرۆید

عقیل نوری محمد*

و، جەمال پیرە

مارکیۆزە بەپێی بیرۆکەی ململانێی نێوان پێداویستییە غەریزییەکانی مرۆڤو خواستەکانی شارستانییەت بەم شێوەیە راڤە دەکات کە پێداویستییە ئەندامییەکان بۆ تاك ملکەچ دەبیٚو لەسەر بنەماو پرەنسیپی چێژی( ئەو( Id دەوەستیٚ بەرەو ئامرازەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کە نوێنەرایەتی پرەنسیپی حەقیقەتی واقیع دەکات، کە تیایدا (منEgo و منی بالا( Super Ego پێشدەکەونو بەشێوەیەکی کاتی سەبارەت بە (من)لەسەر پێداویستییە غەریزییەکاندا کار دەکەنو بەرەو منی بالاٚ بەردەوام دەبیٚو هەرایەکی گەورە لەم ململانێیە ناتەواوە دەردەچیٚ، کە حاڵەتێکی گرژی دەداتە تاکی نویٚ لە نێوان خۆیو کۆمەڵداو تاکیش باجە گرانەکەی دەدات، وەك بەرپەرچدانەوەیەکی کردارەکییانە بۆ ئەم راڤەکردنە رەشبینانەیەی هزری فرۆیدیزم هێڵێکی نویٚ بەدەرکەوت کە تەرکیز دەخاتە سەر دووبارە پێکهێنانی ئەم هزرە بەشێوەیەکی گەشبینانە تر، لێرەدا ئەوەی کە فرۆیدیستە نوێکان دەیخەنە روو کۆمەڵێك نارەزاییە بۆ ئەم هزرە، زیتلن بەم شێوەیە بۆ مان کورتدەکاتەوە( من )رووبەرووی شارستانییەتێکی رووتی نەگۆڕ نابێتەوە بەڵکو رووبەرووی جیهانێکی گۆڕاوی مێژوویانە دەبێتەوە، بەپێی ئەم حەقیقەتەش بیٚ پرەنسیپی حەقیقەتی واقیع پارێزگارو تەبریری دەبێت چونکە نا ئاسایی بەرەو زەرورەت دەگۆڕێتو ئەوەی تایبەت بیٚ بە فۆرمەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە حەقیقەتی دەسێنێتەوە [1]بەم پێیە فرۆیدیستە نوێکان بە ئاماژەدان بە گەشەی بارودۆخی رۆشنبیریی و شارستانیی کە مرۆڤ لەگەڵیدا دەژییٚ لە هەوڵی کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی پێداویستییە مرۆییەکان دەبن، یا بە مانایەکی تر هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی تیژڕەوی ناکۆکییەکانی نێوان تاکو کۆمەڵ کە فرۆید لای خۆیەوە بایەخێکی گەورەی پێدەداو دیققەتی رەخنەگرتنانەیشی لەگەڵدا بیٚ، کەچی بەزەرورەت راستی تەعمیمی فرۆیدیزم هەڵناوەشێنێتەوە تا کۆمەڵ دەسەڵاتەکانی خۆی لە سەپاندنی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی تاك بەکاردێنیٚ، کۆمەڵ بەپێی بۆچونی فرۆیدیزم بە زەروورەتی چەپاندنی سروشتی غەریزەیی مرۆڤ رەزامەندە، رەزامەندە تا رەگەزی مرۆیی لە حاڵەتی رێککەوتن دا بیٚو بەدوایشیدا شارستانییەتی(چەپاندنی بنەرەتی)(پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی )بەردەوام بیٚ، مارکیۆزەش جۆرێکی تری چەپاندن دەخاتە روو ناوی دەنێت(چەپاندنی زێدە )کە گوزارشت لەو کۆتو بەندانە دەکات کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنیٚ،بەمانایەکی دی (دیسپلینی کۆمەڵایەتی)ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنیٚ کە ئەوەی لەچوارچێوەی چەپاندنی بنەرەتییەوە لەدەست دەچیٚ، دەکریٚ بەهۆی چەپاندنی زێدە(دیسپلین )کۆنترۆڵبکریٚ، ئەمەش بۆ باوەڕبوونی فرۆید بە سروشتی ئاژاوەگێریی و غەریزەیی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵیەوە گران دەبیٚ تا بتوانریٚ کۆنترۆلبکریٚ بەهۆی بەکارهێنانی شێوازێکی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی خۆی بەتەنها .لێرەدا چوونە ناو سۆسیۆلۆژیا لەلایەن فرۆیدەوە وەك مەسەلەیەکی ئاشکرا دادەنرێت تا وەکو ئاساییکردنەوەو دیسپلین دوو میحوەری بنەڕەتین لە تیۆری فرۆیدیزمدا .ئەو ئاراستە سۆسیۆلۆژیانە بۆ فرۆید سەرنجی کۆمەڵناسانی بۆ لای خۆی راکێشا، لە نێویاندا سەرنجی بارستەر کە بە یەکیٚ لە گەورەترین زانایانی بونیادی فەنکسیۆنیو هزری فرۆیدی لە دیراسەو توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنرێت،

بارستەر توانی راو بۆچونەکانی فرۆید لە نەخشەکێشانی پرۆسەی کارلێکگەریی نێوان خودو ئەویدیا( بە تاك، یان کۆ، یان کۆمەڵ )بەهۆی ئاماژەدان بە بیرۆکەی پۆلینکردن کە فرۆید بۆ کەسایەتی داناوە ، بارستەر لەمەدا توانی سەرکەوتووانە تەوزیفی بکات ,ئەو لە بنەڕەتدا( من )لە پرۆسەی کارلێکەوە لە نێو نەسەقی کۆمەڵایەتیدا دەژمێرێ، بەحوکمی پسپۆڕی خۆی بە دوو شێوە پەنجەی خستە سەر کارلێکەکە ، چونکە بایەخەکەی خۆی لەسەر پاڵپشتی نەسەقی کۆمەڵایەتییەوە دامەزرا یوو، لەکاتێکدا تەرکیزەکەی فرۆید لەسەر پاڵپشتی(من )دامەزرا بوو .بارستەر منی باڵا با خودی باڵا بەپێی بۆچونی خۆی وەك خاڵی بەیەکگەیشتن دادەنێت لە پێکهێنانی نەسەقی کەسایەتی ویستراو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نەسەقی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیراندا، یان بە مانایەکی دی دۆزینەوەی ئاستی گونجانو تەریببوونی واقیعی(نەسەقی کۆمەڵایەتی)(رەوشتی کۆمەڵایەتی)و میسالی( نەسەقی رۆشنبیریی)(بەهاو پێوەرەکان )هەروەها بارستەر ئاماژە بەوە دەدات کە دەکرێ پێگەی منی باڵا لە شێوەکانی پەیوەندی نێوان کەسایەتیو رۆشنبیریی بگات، چونکە تا ئەو ئاستەی پێکدێت لە سیمبوڵو بەهاو پێوەری بڕیار لە سەر دراوی کۆمەڵایەتیی کارلێکی مومکین بۆ ئاستە مرۆییەکان دێنێ، ئەگەر میتۆدی گەیشتن بە تاکەکانیش لە ڕێگەی کەناڵەکانی گەشەو پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییاندا جیاواز بێت .بارستەر لەگەڵ فراوانبوونی مانای منی باڵا دایە بۆ ئەوەی سەرجەم پێکهاتەی رۆشنبیریی هاوبەشی نێو کەسایەتی بگرێتەوە بەو پێیەی کە تیایدا بەشێکی بنەڕەتییە، ئەمەش بەتەنها لە رەگەزی پێوەرە ئاکارییەکان نا کە فرۆید جەغدی کردۆتە سەرو بارستەریش وەك رەگەزێکی بنەڕەتی داناوە، بەڵکو ئەگەر منی باڵا بەتەنها لەمەدا کورتبکرێتەوە، حاڵەتێکی تەنگەتاوی دێنێتە ئاراوە، هەروەك ئەوەیکە فرۆید جەغد دەکاتە سەر بایەخی دایكو باوك لە دارِشتنی کەسایەتیدا، بە هەمان شێوە بارستەریش بایەخی بە پێگەی رەمزی بەخێوکەری دایكو باوکانە داناوە لە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی مناڵدا .لەکتێبەکەیدا (بونیادی کۆمەڵایەتی کەسایەتی )بارستەر بایەخێکی روونی داوە بە رەمزی دایكو باوکانەو قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی مناڵ، ئەو قۆناغانەی کە فرۆید لێیەوە پۆرتریێتێك دەردەهێنێ کە دەکرێ لە داهاتوو دا کەسایەتی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵام بارستەر هاوهەنگاو لەگەڵ فرۆیدیستە نوێکان بونیادی کەسایەتی بەتەنها لە ساڵەکانی سەرەتادا نابینێتەوە، لەسەر ئەمەش رەخنە لە فرۆید دەگرێو پێیوایە کە کەسایەتی لە کۆی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا پێکدێتو قۆناغەکانی مناڵییو سەرەتاییش تیایدا رۆڵی سەرەکیی دەبینن .ئاساییە پێمانوابێ کە منی باڵا دەکرێ وەك چاودێرێکی کۆمەڵایەتی بێت کە دێتە ناو خودی تاك بەمەبەستی بەردەوانێتی کارلێكو بەرقەراری کۆمەڵایەتیدا، لەکاتی غیابی ئەو چاودێرەدا(من )دەستەمۆیەکی ئاسان پێکدێنێ بۆ پاڵنەرو غەریزە مرۆییەکان کە بەردەوامانە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەری، بۆ تێرکردنو کەمکردنەوەی تیژڕەوی گرژیی، بۆیە هەر دەبێ پاڵپشتێك هەبێ بۆ( من )تا لە رووبەڕووبوونەوەی غەریزەو پاڵنەرەکانا کە( ئەو )پێکدێنێ هاوکار بێ( .منی باڵا )کارایانە کار لەسەر پاڵپشتی(من )دەکات، ئەگەر بۆی کرا بە هاوکاری دەرەوە یا( واقیعی کۆمەڵایەتیی )مرۆڤ بەتەنیا خۆی هەڵس‌وکەوتی نامۆو دوور لە هەموو رەهەندێکی کەسایەتییەکەی خۆی بەرانبەر خەڵك ئەنجام دەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەڵسوکەوتی تاك زۆربەی جار لە بەرژەوەندی ئەوەیکە ئەویدی دەیخوازێت دایە لە پرۆسەی کارلێكو زێدەتر بوونی دەسەڵاتی( من)دا لەو کاتانەی کە هەڵوێستی کارلێکەکە بە سیمبۆڵێکی گرنگی وەك دایكو باوك یا زانایەکی ئایینییەوە پشتئەستوور دەبێ . ئاساییبوونەوەی کۆمەڵایەتیی بە گشتی کار لەسەر چەسپاندنی منی باڵا دەکات لەسەر شێوەی چارەسەری میسالییەت تا ڕێگە لە حاڵەتی پێکدادان لەگەڵ کۆمەڵ بگرێ یا لەگەڵ پێشێلکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بگرە منی باڵا ناچار دەکات کە وەك دابڕاوێکی کارلێكو بەزەرووڕەت رووەو میسالییەتیش بێ، دواتر منو منی باڵاو ئامادەیی کۆمەڵایەتی ئەوی دی لە پێناو ڕێگەگرتن لە نغرۆبوونی مرۆڤ لە نێو نا کۆمەڵایەتیبووندا کۆ دەبنەوە، بەبێ ئەوەی بنەماو بەهاکان

**بشكێنن، دوای ئەویش حاڵەتێکی هاوسەنگی ناتەواو لە نێوان مرۆڤو کۆمەڵ لەدایکدەبێ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەستێکی درێژە بۆ کۆمەڵ لە دیاریکردنی ئاراستەی پەیوەندیو ناوکۆییەکەیدا.**

**پەراوێز**


1. **توێژەرێکی عێراقی دانیشتووی مالیزیایە .**

6. ارفنج زايتلن، النظرية المعاصرة فى علم الاجتماع، ترجمة محمد عودة و اخرون، الكويت،1981، ص 410